

# ساڵی گامێش

ئەسعەد عەزیز محەمەد
(کەرکووک)

سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ بوو، لە گەڕەکێکی باکووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵان خووی بەوەوە گرتبوو ڕۆژانە ژمارەی ئەو گامێشانە بژمێرێت کە بەچاو دەیانبینێت، پاشان لە دەفتەرێکی بچووکی بەرباخەڵدا ژمارەکە دەنووسێت. ئەو ڕۆژە نەیزانی لەکوێوە گامێشە شێتەکە هات و لەناکاو پەیدابوو. لەبەردەمیدا بە بێدەنگی و بێ جووڵە، بێ ئەوەی ئازاری بدات، یان قۆچی لێ بدات، یان ترس بخاتە دڵییەوە ڕاوەستا.
وەک کەسێکی ناسیاو، یان هاوڕێیەکی نزیک سەری بۆ نەوی کرد، ئەویش بە سۆز و خۆشەویستییەوە دەستی بە سەریدا هێنا و دەستی خستە سەر پشتی، زۆر بە سۆز و میهرەبانییەوە سەیری چاوی گامێشەکەی کرد، کە دوو چاوی جوان و ڕەشی هەبوو. تەلیسمێکی ئەفسووناوی لەچاوانیدا بەدی دەکرا، لە نیگایدا هەستی بە نیگەرانی و خەمێکی زۆر قووڵ کرد. لە ئاسۆی هاوێنەی بینینیدا ڕووبار و زەلکاو، قامیشەڵان و زەل و زۆنگاوەکانی باشووری بەدی کرد. فرمێسکی تامەزرۆی گەڕانەوە بۆ نیشتمانەکەی لە چاوانیدا قەتیس مابوو.
دوای چەند خولەکێک گامێشەکە ملی ڕێگەی گرت و بە ئەسپایی و بەهێمنی ئەو شوێنەی بەجێ هێشت، بەڵام پاش ئەوەی لێی دوورکەوتەوە، وەک جاران کەوتە هەڵبەز و ڕاکردن و لۆقەکردن و قۆچ وەشان، بۆ جارێکی تر خووڕەوشتی گەڕایەوە سەر ئاکاری گامێشە شێتەکە.
ئەو ساڵە کەشێکی تەماوی شاری لە ئامێز گرتبوو، ترسی ئایندە و تارمایی وێنەی لێڵ تێکەڵ

بە دووکەڵ و بۆنی ناخۆش دەبوو، لە لووتەوە بەرەو خانە تۆمارکراوەکانی مێشک ڕۆدەچوو، ئەو چیرۆک و سەرگوزشتانەی کە ڕۆژانە لە ژیانی شاردا روویان دەدا، شەوان لە کۆڕ و دانیشتنەکاندا دەگەڵ شەوچەرە سەرلەنوێ دەگێڕرانەوە، پەستان و سەرئێشەی پەیدا دەکرد. ترسێک لە ناخی هەموو کەسێک لە پێشهاتەکان، لە داهاتووی نەزانراو، لە کەسی نامۆ هەبوو، لە دیاردەی نوێ لە هەموو شتێکی نوێ دەترسان.

پەیتا پەیتا سەرەتای دواڕۆژێکی ترسناک دەردەکەوت. هەر ڕۆژێکی نوێ بەزمێکی نوێ و ڕووداوێکی نوێ و چیرۆکێک دەماودەمی پێ دەکرا، دەبووە بنێشتە خۆشەی سەر زمانی خەڵک. چیرۆکی کوژراوەکانی ناو بازاڕ و کووچە و کۆڵانەکانی شار هۆشداری دەدا بە ڕۆژی رووناک دەزگە و پیاوانی ڕژێم هەر جارەی کەسێکی دەستڕۆیشتووی شاریان لەناودەبرد، ئەو ڕۆژەی بەکری گوڵەجۆیان کوشت، لەلای منداڵێکی هەتیو خەریکی بۆیاغکردنی پێڵاوەکەی بوو. بەکر هەر لەو جێگەیە گیانی دەرچوو، منداڵەکەش بەسەختی بریندار بوو. دواتر بەهۆی سەختی برینەکەیەوە لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد. زۆربەی خەڵکی ئەو گەڕەکە بەبیستنی هەواڵی کوشتنی ئەو منداڵە شۆک بوون و ئاخیان بۆ هەڵدەکێشا و خەفەتیان بۆ مەرگی دەخوارد. دەیانگوت دایکی بەبێوەژنی گەورەی کردووە، بژێوی ئەو خێزانە لە ئەستۆی ئەو منداڵە بوو. لەو کاتەدا مستەفای فاتە نێرەیان داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە کە لە چایخانەکەدا خەریکی یاریی تاوڵە بوو، بە تەنیا خۆی نەکوژرا، بەڵکوو ئەو هاوڕێیەشی کوژرا کە یاری لەگەڵ دەکرد.

ئەو منداڵە ئەوەشی لە بیرەوەرییەکانیدا تۆمارکردبوو، لەگەڵ هاوەڵەکانیشی ئەوەی باس دەکرد کە پۆلیس و پیاوانی دەزگەکانی ئاسایش ناو بەناو بە پاساوی پشکنین دەهاتنە سەرماڵیان و هەموو قوژبنێکی ماڵەکەیان دەگەڕان، لە کات و ساتی پشکنیندا پۆلیس و پیاوانی ئاسایش داوایان لێ دەکەن هەردوو دەستیان بۆ سەرەوە بەرز بکەنەوە. دوای تێپەڕبوونی چەندان ساڵ، ئەوسا لەوە تێگەیشت ئەو دەست بەرزکردنەوەیە بۆ ئەوە نەبوو تا پۆلیسەکان بە ئاسانی بیانپشکنن، بەڵکوو ئەوە نەریتێکی کۆنی ئەو هێز و خێڵانە بوو ئەگەر شوێنێکیان، یان نیشتمانێکیان داگیر بکردایە دەبوایە دیلەکانی جەنگ هەردوو دەستیان بۆ حەوا بەرز بکەنەوە، تا بێدەسەڵاتی و خۆ بەدەستەوەدانیان بۆ هێزی زاڵبوو دەربخەن و بیسەلمێنن. لەوەوە ئەوەی بۆ دەرکەوت کە پیاوانی حکوومەت و پۆلیس مامەڵەی دیلی جەنگیان لەگەڵدا دەکەن.

ئەو ساڵە ئەوەندە پشکنین زۆر کرا، شوێنێک نەبوو ترسی تێدا نەبێت. لە مانگێکدا پۆلیسەکان دوو سێ جار ماڵەکان دەگەڕان و ماڵانیان دەپشکنی. ئەوەی هەرشتێک، یان کەلوپەلێکی هەبوایە و لە دەرکەوتنی بترسایە بە نایلۆنێکەوەی دەپێچا و لەنێو دیوارەکاندا دەیشاردەوە، یان لەناو فەردە گەنم، یان لەناو کەندووی ئارد شتەکانیان دەشاردەوە. هەر ئەو ساڵە بوو گرووپێکی چەکدار بە ناوی (عەلی کانیاو) لەلایەن پیاوانی حکوومەتەوە دەستگیرکران و بێ سەروشوێن کران. هەندێک دەیانوت کوژراون و هەندێک دەیانوت بۆ شوێنی زۆر دوور نێرراون. لەنێوان شارەکانی ئەم نیشتمانەدا دەیان بازگەی سەربازی و پۆلیس دانرابوون، هەموو شتێکیان دەپشکنی، تەنانەت ژنانی خاڵکوتراویان بۆ پشکنینی ژنان دانابوو.

هەموو شارێک ڕۆژژمێری تایبەتی خۆی هەیە، ڕووداوەکانی ئەو شارە نەوە دوای نەوە لە زەینی

خەڵکدا تۆماردەکرا و دەگێڕرایەوە، بیرەوەریی دانیشتوانی شارەکە زۆر ڕووداوی تێدا تۆمار کرابوو کە لە هیچ تۆمارێکی حکوومیدا جێگەی نابێتەوە. وەک ئەوەی ساڵی ١٩٣١ بە ساڵی شاییەکەی فەتاح بەگ ناو دەبرا. دەڵێن شاییەکی ئەوەندە بەشکۆ بوو، حەوت شەو و حەوت ڕۆژ خەڵک هەڵپەڕین و دەهۆڵیان کوتا و زوڕنایان ژەنی، چێشتیان لێ نا، حەیوانیان سەربڕی، ئاسک و بزنەکێوی و بزن و گیسک و گا و گۆلک، تەنانەت حوشتریشیان سەربڕی. ساڵی ١٩٤٧ بەهۆی لێشاوی پەلاماری کوللە بۆ سەر دەغڵ و کشتوکاڵی گوندەکانی دەوروبەری شار، کە بووە هۆی فەوتانی کشتوکاڵ، ئەو ساڵە بە (ساڵی کوللە) ناوبرا. ساڵی ١٩٥٧ بەهۆی زۆریی بەفروبارانەوە لافاوێکی گەورە لەناو شار هەستا، ئەو ساڵەش بەساڵی لافاو ناو دەبرێت.

باوکیشم دەیگێڕایەوە و دەیوت: (منداڵ بووم نازانم چۆن و لە کوێوە مەیموونێکیان بۆ شارەکەمان هێنا، ئەو ساڵە بە ساڵی مەیموون ناونرا.) ڕۆژانە یادەوەری گامێشە شێتەکە و ئەو ڕووداوانەی تۆماری دەکردن لەسەر زاری خەڵک بوون.

(گامێشە شێتەکە پەلاماری نەخۆشخانەی گەڕەکەکەی دایەوە، لە دەرئەنجامی پەلامارەکەدا دوکتۆر و سستەرێکی بریندارکردووە، هاوکات تۆماری ڕۆژانەی ڕووداوەکانی ساڵە شێتیشیان دەگێڕایەوە. ساڵە شێت جامی پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەی قادر ئەفەندی شکاندووە، گامێشە شێتەکە شووشەی جامخانەی دەلاکخانەی شێرزادی وردوخاش کرد. ساڵە شێت بەردی لە منداڵان گرتووە کە بە چەپڵەڕێزان بە (شێتە شێت) دوای کەوتبوون، لەم ڕووداوەدا سەری منداڵێک شکاوە.

ئەو کاتە هێشتا گامێش بە شێوەی گایەل بەنێو شاردا بڵاوەیان نەکردبوو، دواتر یەکەم کاروانی خەڵکی زۆنگاوەکان بۆ ئێرە هێنران و داوایان لێ کرا دەستبەرداری گامێشەکانیان بن، بەڵام ئەوان ئەوەیان ڕەت کردەوە، دەگەڵ گامێشەکانیان ڕوویان لە شار کرد. ئەوانیش گەڕەکێکیان بەناوی (گامێشەوان) بنیادنا. منداڵەکە گوێی لە گفتوگۆی باوکی و سۆفی ڕەووف بوو. سۆفی دەیوت : (لەوەتی ئەم شارە دروست کراوە هیچ زەمانێک بە ئەندازەی ئێستا گامێشی تێدا نەبووە، هەر خێزانێک لە باشوورەوە بهێنرێت، ئەویش گامێشەکەی لەگەڵ خۆی دەهێنا.)

دوای چارەکە سەدەیەک ئەوەی بەبیردا هاتەوە، تەنانەت وێناکردنی یادەوەرییەکەش لەخەیاڵیدا نمایش دەکرا، ڕۆژانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی خوێندنی ١٩٧٢- ١٩٧٣ بوو، سەرلەبەیانی بەرەو قوتابخانە دەڕۆیشت، قەرەباڵغییەکی زۆر و خوێنی ڕژراوی بینی، لەوێ ئەوەی زانی گامێشە شێتەکە پەلاماری کوڕی ئەو دووکاندارەی داوە و بردوویانە بۆ نەخۆشخانە. لە قوتابخانەش ئەوەی زانی ساڵە شێت شووشەی پەنجەرەکانی قوتابخانەی شکاندووە. لەکاتی تاقیکردنەوەدا مامۆستای وانەی زمانی کوردی بۆ ڕێنووسکردن داوای لێکرد ئەم ڕستەیە بنووسێت : (گامێش لە گۆماوی جەوەڵبۆر مەلە دەکات.) کە لە تاقیکردنەوە هاتە دەرەوە، لەسەر شۆستەی شەقامەکە بیری لەوە دەکردەوە داخوا ڕێنووسەکەی ڕاستە، یان هەڵە. بەڕێگەدا بۆ ماڵەوە گەڕایەوە. ژنێکی ڕەشپۆشی بینی گامێشێکی بەپێش خۆی دابوو، دەفتەرە بچووکەکەی بەرباخەڵی دەرهێنا و ئەو ژمارەیەشی تۆمارکرد. ژمارەکانی کۆکردەوە بۆی دەرکەوت ١٩٤ گامێشی لە ساڵی گامێشدا بینیوە.

حوزەیرانی ٢٠٢٢